کەریم دەشتی

درەختی درەوشانەوە

چاپی یەکەم

هەولێر/ ٢٠١١

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما

زنجیرەی(١٠٨)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب

ئیسماعیل کوردە، ڕێبین رەسوڵ

ناوی کتێب: درەختی درەوشانەوە

بابەت: شیعر

شعری: کەریم دەشتی

پیتچنین: زەردەشت عەلی

بەرگ: زەردەشت عەلی

دیزاین: نما

چاپی یەکەم: هەولێر/ کوردستان

تیراژ: ٥٠٠

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

چاپخانە: شەهاب

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە"   "ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

زمان و زەمان

چی بکەم باشە؟
بۆوەی تۆزێ بوەستیت و ووچان بگری
رۆحم لە سیمات گیرببێ و
دەستم داوێنی تۆ بگری
تۆ ئەی شووشەییترین زێ تۆ
تۆ ئەی نادیارترین رێ تۆ
تۆ ئەی تۆباویترین جێ تۆ

هێزی زەمانت لە دەستەو من هی زمان
مەرگ لە سووڕانەوەی تۆ دایە
بەڵام داڕشتنی جوانی
لەناو زمانی من دایە

چی بکەم باشە بۆوەی بتوانم راتگرم
ئەی قوفڵی کەوتنی زمانم
لە گەوهەری خاك دابڕێم
قامیشەڵان دادم دەدا
بەڵام ئەگەر لە زەمانی تۆ دابڕێم
چی هەیە دادی من بدا؟
تۆ کلیلی رووناکی
تۆ ئەو هیزەت لە خودا بەدەستهێناوە
منیش رووناکی لە تۆ

چی بکەم باشە تا زەمانی تۆ راگرم
تاوێ جوانیت لە سووڕانەوە بکەوێ
هێندێکی تریش رووناکی تۆم بەرکەوێ
من راکردووی هەمیشەیی
دوای سووڕانەوەکانی تۆم
تا دووبارە بتدۆزمەوەو بگەم بە خۆم.

کتێبی نوور

١

تۆ کتێبی نوورو درەختی ناو تەمتومانی
تۆ کتێبی شەوق و سەرەتای بوونەوەی زمانی
بەر لەوەی ترێی ناو رەزەکان بکوشرێ
ببێ بە شەرابی خودایی
من لە تۆدا مەست بووم
مانای تۆم دۆزییەوە

٢

تۆ لە کام با هاتووی کە بەسەر زەیدا رەت نەبووە
تۆ لە کام گوڵە گەنم جیلوەی خۆت داگیرساند
کە هەرگیز گەڵا پونگی وا جوان
لە کێڵگەی ئەویندا شین نەبووە

٣

شلکە یاسەمینێ ئەوینی لە سارای دڵما چاند
خەمگینی ئەوینت ئاویدا
دەستی خوا بۆ نەمریی ساویدا

٤

سەد ساڵە وەستاوم
ژمارەش تەواو بوو نەهاتی
هاتنت بارینی روناکی خودایە
داگیرسانەوەی خۆڵەمێشە
خەستترین شەرابی سەمایە

٥

سەد ساڵە وەستاوم

سەبوریش تەواو بوو نەهاتی

هاتنت شەرابە کەون سەرخۆشدەکا

سینەی من پڕ نوورو جۆش دەکا

٦

ئەگەر تۆ تەواوی من نەبیت ئەمن چیم

ئەگەر من تەواوی تۆ نەبم ئەتۆ چیت؟

٧

ئێمە دوو دڵۆپەی ڕووناکین
تێکەڵی یەك نەبین سەر زەوی بێ شەوقە
خوداوەند تەنهایە
گەردەنی ئەبەدی لە ژێر تارای تەوقە

٨

بزانم ناو لەپم لە سیمات گیر دەبێ
پانتایی زەوینم تەی دەکرد
بزانم سووتانم دەکەیتە تارای خۆت
تەواوی ئاسمانم پڕ نورو نەی دەکر

٩

سەد ساڵە وەستاوم ژمارەکان تەواو بوون

ئاوازێ نەماوە

لە بەرامبەر دەرەختی خواوە نەیچڕم

سەرسامم ئایا تۆ هەی یا نیت؟

١٠

ئەگەر هەیت

لە کام با تێکەڵی ئاوازی خودا بووی

لە کام تا تێکەڵی تامەزرۆو تەما بووی

ئەگەر نیت لە کام پێك

لە ئاوازی قامیش جودا بووی

لە کام نەی فیراقت خواردەوە

لە کام ڕاز شیرازەی ئەزەلت شاردەوە

١١

کە تۆ هەی شکۆفە دەبنەوە

کە تۆ نیت هەموویان بۆ عەدەم دەچنەوە

١٢

ئەوەتا ڕێگاکان پڕن لە ئاوێنەی شکاوم

لە ئاوێنەی جوانی تۆدا دەژیم

ئەگینا چۆن ماوم؟

١٣

سەیرکە ئاوەکان تەرمی تێنوویەتیم هەڵدەگرن
بەرەو نادیار دەڕۆن

١٤

من لە سەر هەموو ڕێگاکاندا وەستاوم
لە ژێر بارانەکاندا ئاقیقی خوێنی خۆم دەبەخشمە
بەر درەختی تێنووی هەنگاوم

١٥

به ئاوەکاندا دەگەڕێم

لەناو هەموو دارستانەکاندا بانگت دەکەم

تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ

١٦

شەڵالی تەمتومان و ئاو و درەخت و بارانم

بەڵام ئاخ بمەوێ ساوت دەم

هێزی چاوم دەشکێ

دەکەومە خەڵوەتی جارانم

١٧

تۆ لەناو رووناكی بریقەی ئەزەلی
بەسەر هەموو رمێكەوەی
بۆ گیانم هەڵبكا
بۆ كام لا رێ بگرم
شەوقی تۆ لەشكرە و ئابلۆقەی من دەدا
قەدەرمە روناكیت بمكوژێ

كێوی سپی

بۆراقێك لەزیو لە تەمی جیا
بۆراقێك لە پونگ
لە بۆنی پێکی باخۆس و لە تەونی گیا
وەك کچێ لە ئارموش
ئێستا تازە دەرگای لێ والاّ کردبێ
یا شاعیرێ تازە شیعرێ
وەك گوڵە گەنمی بەرباران
لە ناو پەڕی زمانی بالاّی کردبێ
لە دوورەوە لەناو هەزاران کێوی سپی
بانگی کردم
سواری سەرزینی خۆی کردم
کە بەرەو رابردوو دەبۆوە
لەبەرەخۆ گلەو گازاندەی لێ دەکردم
ئەوە چیتە دەڵێی بوویتەوە منداڵ
بۆ نازانی ئایندە گوڵی نایلۆنە
نەئەوین لەیەخەی خۆی دەدا
نەشیعر بۆناو باخچەی ئەبەدی خۆی
رێی پێ دەدا
تۆ چیت هەیە جگە لە ئەوین و شیعر
تۆ چیت هەیە جگە لە باوەشێ خەون و

لە گۆزەی دڵێکی پڕ میهر
ئایندە ئاگرێکە دوور خانە خەراب
ئێستا گەرم ناکاتەوە
تۆ چیت هەیە جگە لە کوپەیێ شەراب
دونیات بۆ بچووك کاتەوە
– ئێستا– چییە دیلە دیل
من دەتبەمەوە رابردوو
بە هەموو لایەکدا دەچێ
قەلاّو شەوق ومنارەکانی

سەمای زۆرباو باڕەکانی
تۆ چیت داوە لە ئایندە
رابردوو ئاخ رابردوو تۆپێکی خڕە
رابردوو قەلاّی شەترەنجە
مەلیك لە کوێ ووچان بگرێ
بۆوەی تاجی جاویدانی لێ بسەنێ
دڵنیابە لەوێ دەمرێ

تۆ بۆ ئەبەد تۆ

هێندە صورەت زۆر بووە
مەعنا لە بەینا وون بووە

١

فێڵی رۆحە یا هی چاوم
چوار کەس بووین لە ئاوی وێنەدا
هەموویان چوونەوە ناو باخی ئەبەدی
بە تەنها من ماوم

****

دەزانم رۆژێ دێ
کە سەیری هەمان وێنە دەکەن
دەڵێن ئاخ هیچ یەکیان نەماون

٢

رۆحی من وەك ئاوێنەیەکی کۆنینە

لە هەزاران هەزار جێگادا شکاوە

*****

چوومەوە بەر ئاوێنەی جاران

دووبارە سەیری خۆم کردەوە

زانیم رۆژگار چۆن هاڕیومی

****

کە ئاوێنەی ئەوینی من شکا

بۆ ئەبەد لە ناویا بزر بووم

٣

چوومەوە لێواری رووباری گە نجێتیم

تا ئێستاش شوێن پێی ئەو

بە سەر لیمی کەنار هەر ماوە

٤

دوا گەڵای ئەو درەختەش وەری

تەمەنم بە سەر چوو نەهاتی سەروەرم

رۆژێ دێ کە منیش وەك گەڵا بوەرم

٥

بریقەی زیوینی یادێکە

لە هەزار گەوەدادەپڕژێتە درزی برینم

چاوم پڕ لە شەوقی رێ دەکا

بریقەی ئەوینی دێرینە

بیابانی ئەوینم پڕ ئاوی زێ دەکا

٦

دەنگی با هات

زانیم ئەوینی کوژاوەم گڕی گرت

پەنجەرەکەم کردەوە

تۆم بینی دوور یەکجار دوور

پەنجەرەت دادەخست

٧

کە بەسەر لێواری دەریای رەشدا وەستام

ئەخاب–م بینی چەپکێ گوڵی سپی سپی

لە یەخەی مۆبی دیك دەدا

****

بەڵام کە چوومەوە دەریای سپی

زۆربام بینی لە کانی خەڵووز دەهاتەوە

رەش رەش هەر وەکو ئەبەنووس

٨

منیش وەك تۆ گیانم پڕ بووە لە نوور

زمانم پڕ بووە لە ئاواز

مەگەر سووتو سیفەتی ئاگر ناگرێ

یا عاشق ناچێتەوە سەر مەعشووق

****

منیش وەك تۆ شەوقی ئەوینم هەڵدەچێ

مەگەر سووتاو

خەسڵەتی سووتێنەر ناگرێ

****

منیش وەك تۆم هیچ روخسارێکی دیم نییە

مەگەر بەندە هەمان سیمای خوای خۆی نییە

٩

هەمیشە کە بەرەو تۆ دێم

ئەی دواوانەو دوا کەمەندم

تەنهاو تەنها من یەك چارەنووس شك دەبەم

ئەویش مەرگ و فەنا بوونە

بەڵام هەمدیس ناچارم بێم

١٠

تۆ سافترین وێنەی رۆحی

بە هەزار رەنگ بۆ ناو سینەی من دێیتەوە

تۆ پرسیاری ئەبەدی منی

بە هەزار دەنگ وەڵامی من دەدەیتەوە

١١

ئەوەی زمان گوێی دەکات و دەیڵێتەوە
هەرگیز بەو بێدەنگییە ناگا
کە بۆ پێشوازی تۆم هەڵگرتووە
ئەو وێنەیەی
هەمیشە چاو پێوانەی دەکاو دەیبینێ
قەت ناگاتە ئەو وێنەیەی
لە ناو دڵما ڕەنگی ئەوینی گرتووە
ئەوناڵەیەی تۆ دەیبیستی
قەت ناگاتە ئەو ناڵە بێ سەدایەی وا لە دڵمایە
ئەوەی کە دەست ساوی دەدا
هەرگیز ئەوە نییە کە دڵ دەستی پێدەدا

١٢

تۆ ئەی سەمەندەری ئاسمانی من
بۆ ئەبەد هەرچییەکبۆ تۆی دەنووسم
دەبێ بەسەریا بچمەوە
چونکە هەمیشە شادێڕەکانی
بە فرمێسکی چاو کوژراون

١٣

من وەك تەرمێكی سوور

ئەوین لەناو تابوتی سینەی سپی تۆی

تەقەت كردووم

هەمیشە كوانووم لە داگیرسانایەو

ئەوینم ناكوژێتەوە

١٤

كە هاتمە ناو پێتەختی جوانیت

شار غەرقی سەداونوور بوو بوو

لەدوورەوە بە جلێكی نوورانی

مالآواییت لێ دەكردم

ئەی دوا دەستوری نورانیم

١٥

لەدوورترین خاڵی سنووری ئەوینتا
هەمیشە قسەی دایکمم لە بیر بوو
کە دەیگوت:
ئەوەندە سەیری ئاوێنە مەکە رۆڵە
ئەوین دەتکوژێ ئەوین

١٦

ئەو بو من تەنها کتێبێك نییە
بە ڵکو هاودەمی هەمیشەی
هەموو ئەشقێکی دونیایە
بۆ هەر لایەك سەر هەڵگرم
وەك تارمایی لەگەڵمایە

١٧

تۆ تۆ ئەی شارەگی بوون و مانم
خۆراوا تەنها شوێنێکە
کە تۆ تیایا جێم دەهێڵی

کتێبەکانم

١

هەموو ئێوارەیەك زۆربا
وەك شەباقەیێ لە نوور
وەك رووبارێ لە بخور
لەناو تۆزی کتێبەکانم دێتە دەرەوە
وەك لە باخی بەی هاتبێ بانگم دەکات
دوای ئەوەی کە مەست مەست دەبین
ئەلف و بای سەمام فێر دەکات

٢

من بە بۆنی کتێب دەژیم

لەرێی بۆنی کتێبەوە دانتیم ناسی و

سەفەرمان بۆلای خودا کرد

هەر بەو بۆنەش چوومەوە سەر گۆڕی نالی

٣

بۆ هەر کتێبێ دەنووشتێمەوە

یادەوەرییەك دەمکوژێ

هەر پەڕێ هەڵدەدەمەوە

رستەیێ رۆحم هەڵدەمژێ

٤

کتێبێ هێندە لە گەڵیا خەوتووم
جار جار وەك ژن هاوار دەكات
داوای مناڵم لێدەكات

٥

کتێب هەیە ناوە ناوە لە دڵەوە کۆتم دەکا
کتێب هەیە وەکو خودا دورستم دەکاو
وەك نووسین ئازادم دەکا

٦

هەموو نیوە شەوانێك كتێبێ لە بەرزایی رەفەكانەوە
بانگم دەكاو ورد ورد دڵم دەداتەوە
هەندێ جاریش وەك ئاشقێ دەخزێتە ناو باوەشم و
بێباكانە دوگمەكانی دەكاتەوە

٧

كتێبێكم هەیە هەمیشە و بەردەوام
خەمبارو خەمگینە
ئەوە كتێبێ نیشتمانمە ئاڵ بووە
ئەوە كتێبی نیشتمانمە
لەتاو بێ ئەمەكی رۆڵەكانیدا لاڵ بووە

٨

شەوانە درەنگ درەنگ
گوێم لە ناڵەی کتێبێکە دەناڵێنێ
من دەزانم ئەوە کتێی نالییە
لەتاو هیجرەتی نالییە دەنالێنێ
دلنیایە نیشتمانە جێی دەهێڵی

٩

ئەو کتێبەی باوکم لە سەرە مەرگا کردییەوە
ئێستاش وەك خۆی کراوەیە
چەند دایدەخەم شەوانە خۆی دەبێتەوە
چی بکەم کتێب هەمیشە بۆ
عاشقی خۆی دەچێتەوە

١٠

کتێبی هەموو برادەرانم وەك گلێنە پاراستووە
هەندێ لەو کتێبانە دەڵێن فرێماندەو هەڵمان مەگرە
کە خاوەنی حەرفەکانمان زۆر لەمێژە
ئێمەی لە ناو بێئومێدی جێهێشتووە

١١

زۆر جاران لە ناو کتێبخانەم وا هەست دەکەم
من برایەکی تاقانەی هەزاران هەزار خوشکم

١٢

من بە بۆنی کتێب نیشتمانی خۆم ناسییەوە
هەر بە بۆنی کتێبانیش دەیناسمەوە
هەر کاتێ کتێب نەمینێ
نیشتمان چەمکی نامینێ

١٣

هێندە دەستم بە گەردنی کتێبەکانمدا هێناوە
لێم ببورن ئەگەر بڵێم
هیچ جیاوازییان لە گەڵ خودادا نەماوە

١٤

تەنها کتێب شایانی ئەوەیە
لە قورگی شێری دەربێنی

١٥

هەرکاتێ سەفەر بکەم
نیشتمان بە کتێب دەسپێرم
ئەگەر سەد ساڵیش نێمەوە
تەنها کتێبە دیاری من بۆ نیشتمانی بنێرم

خوا له ئاسمانەو شەیتان له زەوی

١

ئاسمان کتێبی زۆربایە
زەوی سەمای لێ فێر بووە

٢

ڕێبوارەکان بۆ شیری ئاسمان دەچن
ژیانیش خۆی و جانتای پڕ ئاڵۆزیی
ئەوانی لە دامێنێکی تژی زەوی گیرکردووە

٣

زەوی پەڕەکاغەزێکی سپییە
ئاسمان خۆی تیا دەنووسێتەوە

٤

ئاسمان شمشێری دیمۆکلیسە
بەسەر گەردنی زەوییەوە

٥

ئاسمان و زەوی دوو ئاون
یەکیان ساف و
یەکیان شێلوی ناو یەك چاون

٦

کە ئاسمان وەك منالْ دەگری
زەوی گوڵەگەنمەکان بانگ دەکا بۆ سەما

٧

خوا لە ئاسمانە

شەیتان لە زەوی

٨

پاییزان زەوی خەمگینە

ئاسمان بە پڕووشە دڵی دەداتەوە

٩

ئاسمان رووبارێکی شینە
زەوی مەلەی تیا دەکات

١٠

کە زەوی هەست بە تەنهایی دەکات
ئاسمان بە تەتەری باران
نامەی بۆ دەنێرێ

١١

هەمیشە بەسەر لەپی زەویەوە
پێکێ دوان ئاودیو دەکا
بۆ ئاسمانیش جگەریێ نوێژ دادەگیرسێنێ

١٢

زەوی خرخاڵێکی شینە
لە پێی ئاسمان

١٣

ئاسمان کڵاوێکی ئەبەدییە

سەری زەوی مەست کردووە

١٤

ئاسمان دڵێکی شکاوە

زەویش قۆچێکی شکاو

١٥

که ئاسمان سگی پڕ دەبێ بە هەور
زەوی دەبێتە مامانی

١٦

زمانی ئاسمان بارانە
زمانی زەوی بومەلەرزە

١٧

خوا لە ئاسمان شاعیری کوشت

زەوی یاری بە تەرمەکەی دەکات

١٨

زەوی ماڵێکی تاریکە

ئاسمان نوری پێ دەبەخشێ

١٩

ئاو لە زەوی وەڕەس دەبێ
وەك هەڵم دەچێتە ئاسمان
بۆ وەی زەوی زوێر نەبێ
ئاسمان بە باران بۆی دەنێرێتەوە

٢٠

کە گۆزەی ئاسمان دەشکێ
زەوی پڕ لە شەراب دەبێ

٢١

ژیان بە بێهوودەییەوە جوانە لەسەر زەوی
دەنا لە سورفڵی روومەتی کچێ دەچێ
لەسەرەمەرگا گۆرانی بۆ ئاسمان بڵێ

٢٢

خوا ئاسمانی بە مرۆڤ رەوا نەبینی
بۆیە توڕی هەڵدایە سەر زەوی

٢٣

دەرگای ئاسمان بکەنەوە

زەوی چۆڵ دەبێ

٢٤

لە کەناری پیرۆزەیی رووبارێکا

لە وێنەی ئاسمان رادەمینێ

لە زەوی شەراب دابەش دەکا

٢٥

ئاسمان کتێبێکی گەورەیە

زەوی زنجیری کردووە

٢٦

سێ بەشی زەوی ئاوە

ئاسمان خۆی پێ جوان کردووە

٢٧

ئاسمان هەمیشە زیویین بوو
زەوی شەوقی رەشکردەوە

٢٨

ئاسمان دڵی هێندە نەرمە
جارجار وەکو مناڵ دەگری
بەڵام زەوی هێند دڵڕەقە
لە مانای گریە نازانێ

٢٩

ئاسمان خوێنی نەبینیوە
بەڵام زەوی
خوێن بەری چاوی گرتووە

٣٠

دڵی ئاسمان سپییە لە بەفر دەچێ
دلی زەوی دووکەڵدانە
دووکەڵی رەشی لێهەڵدەچێ

٣١

ئاسمان دەرگای نهێنییەکانە

زەوی کلیلی شکاوە

٣٢

مرۆڤ لە زەوی پەشیمانە

بۆیە عەوداڵی ئاسمانە

٣٣

ئاسمان گەردنێکی سپییە
زەوی شمشێرێکی رەش

٣٤

کە ئاسمان پرچی دەکاتەوە
چاوی زەوی دەڵێی کلی تیاکراوە

٣٥

ئاسمان و زەوی دوو خوشکن

یەکیان کتێبی بەهەشتە

ئەویتریان کتێبی دۆزەخ

٣٦

ئاسمان نامەیەکی نهێنییە

زەوی پۆستەبەرێکی دەمشڕ

٣٧

ئاسمان شووشە عەترێکە
لە باخەڵی زەویدا شکاوە

٣٨

ئاسمان زوو زوو خۆی دەگۆڕێ
جارێ سپی.. جارێ ڕەش
جارێ پەلکە زێڕینە
زەوی هەرگیز ناگۆڕێ

٣٩

ئاسمان پرسیارێکی سەختە

زەوی وەڵامێکی ئاسان

٤٠

ئاسمان ئاوێنەی خودایە

زەوی خۆی لەبەریا دەشوات

٤١

ئاسمان گۆڕستانی ڕۆحە

زەوی گۆڕستانی جەستە

٤٢

بەڵام هێشتا زەوی جوانە و هێشتاکە ئاڵ

زەوی پڕە لە ئەوین و

ئاسمان خەیاڵ

تابووتێ لە کتێب

باوکم لە نەوەی قەتێ بوو
لە کێڵگەکاندا دەژیاو
لە دەشتاییەکاندا مردووە
جل و بەرگی لە کاغەز بوو
دڵی لە نوور
کە دەستت لەدەستی دەنا
پەنجەکانی لەناو لەپت دەتوانەوە
دایکیشم لە شارێکی دوور
براکانم هێندێ لە دەریاو بناران
هێندێکیشیان لە تەمتومانی کەناران
خوشکەکانیشم لە باکور
ماڵێکمان هەبوو لە ترۆپکی چیا
ماڵێکیشمان لە دارستان
هەندێکمان لە ناو رەشماڵان لە دایکبووین
هەندێکیشمان لە گۆڕستان
جاری وابووە سپێدە نانمان لە کوێستان خواردووە
ئێوارە لە گەرمیاندا بارو بارگەمەمان خستووە
باوکم هێندە سەیری ئاسمانی کردبوو

هەموو ئەستێرەکانی دەناسی
هێندەی دەشتاییی بڕی بوو
هەموو گوڵە گەنمەکان
لە پێشوازییا دەوەستان
هێندە بە ناو دارستانەکاندا رەت ببوو
قسەی لەگەڵ هەموو بایەکان کردبوو
هێندە بارانی بەسەردا باری بوو
رەنگی بارانی گرتبوو
هە میشە کتێبێکی لە بەر باخەڵیا دادەنا
لە هەر شوێنێ لەسەر هەر بەردو کانییێ
لە هەر لێوارو بنارێ
دەگەیشتینە هەر تاولییێ
کتێبەکەی دەردەهێناو دەیخوێندەوە
دەچۆوە نێو نیشتمانی ئەبەدی خۆی
باوکم کە کتێبی دەبینی
هەموو دونیای لە بیر دەکرد
دواجار باوکم کتێب کووشتی
هەر بەکتێبەوە ناشتمان
بۆ هەر شوێنێ بارمان دەکرد
ئێسك و پروسکەکانیشمان دەخستە ناو کیسەیەك
ئەو شارو شارمان پێدەکرد
لە شیرازەی هەر کتێبێ حیکمەتێکی دەنووسییەوە

لەسەر هەموو لاپەڕەیەك پرسیارێكی داڕشتووە
باوكم بە بۆنی كتێبان
دەیزانی كەی هەور دێ و باران دەبارێ
با لە كام لاوە هەڵدەكا
هەر بە بۆنی كتێبانیش
كۆچی خیلی رادەگرت و دەیزانی بەفر دادەكا
باوكم كتێب كووشتی ئەو رۆژەش كە شاردمانەوە
تەمتوومان بوو دوو كتێبمان كردە كێلی گۆڕەكەی و
بۆ یەكجاری دامانەوە دەستی نیشتمان
ئێستاش ئەگەر ئەو درەختەی شیعر نەبێ
كە لەسەر گۆڕی شین بووە
كەس گۆڕەكەی ناناستەوە
جار جار سەری هەڵدەگرت و
دەیدایە ناو بەردوكێوان
بە هەفتەو بە مانگ ووندبوو
كاتێ كە دەگەڕایەوە
توورەگەیێ كتێبی لە گەڵ خۆی دەهێنایەوە
دایكم سەر لەبەری قورئانی لەبەر بوو
هێندەی ئەو كتێبە خوێندبۆوە
رەنگی ئاسمانی گرتبوو
دوا جار كە بینیم
لەسەر ئەو بەرماڵەی باوكم بەر لە سەد ساڵ

لە ماڵی خودای هێنا بوو
سەری بە قورئان كردبوو
دوا سورەتی دەخوێندەوە كە مردبوو
بە بیرم دێ هەمیشە كتێبەكانی باوكمی ریز دەكردو
لە تۆز پاكی دەكردنەوە
هەمیشە دەیگووت
لە سای كتێبەكانی باوكتان من هەزار مناڵم هەیە
هەزار گەنجینەی قارون و هەزاران گەوهەرم هەیە
ئەویشمان وەك قەددیسێ لە بخور
لە ژێر درەختەكەی شیعر ناشت
ئێستاش بۆ هەر لایێ دەچم
بۆ هەر ووڵاتێ سەر هەڵدەگرم
ئەو دوو گۆڕە وەك دوو ئاگر
وەك دوو دڵۆپێ لە نوور
وەك دوو درەختێ لە بخوور
لە گەڵما دێن

ژمارەو ئاواز

دونیا ژمارەو ئاوازە
فیتاگورس

ژمارە ١

تاك و تەنها وەك قەڵەمێكی ماندوو
لە تەلارێكی زۆر بەرزی هەزار چاوە
یادەوەری خۆی دەنووسێ و
لەسەر پێیە بچكۆڵەكەی خۆی وەستاوە
پاشاكان هەرەسیان هێناو ئەو هەر ماوە

ژمارە١١

لەو كاتەوە ئەوقەڵەمە هەربە تەنها
بێ دۆست بێ ئازیز بێ هاوڕێ
سەیری باخە دوورەكانی دەكرد
وەڕسی گیانی شەڵاڵی ئاخ كردبوو
لەدواجارا چووە ناو كۆدی ڕەهایی
هاوڕێكەی خۆی دۆزییەوە
رزگاری كرد لە تەنهایی

ژمارە٢

که ماندوو بوو سەری خۆی لە هەوران دەدا
لە داخان پشتی کۆماوە
ئێستا وەك درەختێکی شکاو
سەیری ئاسمانان ناکات و
نامەی باران ناکاتەوە
هەرگیز ئاوڕ لە جارانی ناداتەوە

ژمارە٨

دەتوانین بۆ ئەبەد لە باخی بازنەی ئەو
بوخلێینەوە و ماندوو نەبین
دەتوانین بە قەڵەمێکی چکۆڵە
بەسەر نەخشەی ئەم دوو سێوە
یاری بکەین بۆ تاهەتاش تەواو نەبین

ژمارە١٣

دەزانم تۆ وەك کلکی تاووسی سپی
باق و بریقت گلێنەم پڕ لە جوانی دەکا
وەك گوڵەگەنمی بەر هەتاو
دونیا پڕ لە شایی دەکا
بەڵام کاتێ دەگەن بە تۆ
دەڵیی بە دوای کەسێ وێڵن
بازێکت بە سەرا دەدەن
بێ ڕەحمانە لە ناو هەموو ژمارەکان
تاك و تەنها جێت دەهێڵن

ژمارە ١٤

تۆ هاودەمی جوانەکانی هەموو دونیای
ببیە تەمەنی هەر کچێ
بازی بەخت بەسەر شانیەوە دەنیشێ
کاتێ مانگیش دەگا بە تۆ
درەختەکان شین دەبنەوە
زەوی لە ژێریا دەپیشێ

ژمارە ٧

تۆ حەوتەوانەو حەوت برای
تۆ حەوت شەوو هەم حەوت رۆژی
تۆ حەوت رۆژی شین و شایی
تۆ حەوت خوشك و تۆ حەوت چرای
دونیا بە تۆوە دەسووڕێ و مایەی بوونی
تۆ حەوت رۆژی خوداوەندی دروست بوونی

ژمارە ١٢

کە رەت دەبێ
چی فریشتەی سەر زەمین و ئاسمان هەیە
لە پاش کۆچی کۆتایی ئەودا مەست دەبێ
ئاسمان و زەوی دەگۆڕێ
تۆ هەم ماتەمی و هەم خۆشی
کە رەت دەبی
شەوقێکی تر ئەم زەمینە دادەپۆشێ

ژمارە ١٠٠٠

تۆ کڵۆ قەندی کوێستانی
لەسەر هەموو زمانێکی
بە تۆ دووری نێوان هەموو ئاشقەکان
دیار دەکرێ
هەر بەتۆشە کەوا مێژوو ئاودیو دەبێ و
لە ناو خوێنی خۆیا دەمرێ

ژمارە ٩

درەختی ئارەزوی ژنەو
رەگی هەر وەك شووشەی خەونە
تۆ گەوهەریی خوداوەندی
هەتا مانگیش نەخولێتەوەو نەگا بە تۆ
کەسێ چاوی ناکاتەوە بۆ ئەم کەونە

ئاوازی با

یەکەم ئاواز کە بەرگوێی مرۆڤ کەوتووە
لە ناوبێشەی قامیشەڵاندا هاتووە
ئاوازی با دەنگی پڕ میهری خودایە
پەرتی هەموو دونیا دەبێ
دڵی ئەبەد دەنەخشێنێ و
بە ناو رۆحمانا رەت دەبێ

ئاوازی بوون

یەکەم ئاوازمان بە زیڕەی بوون چڕیوە
هەر بە چەقۆی ئەم زیڕەیەش
ناوکی ئەزەلمان بڕیوە

ئاوازی گریان

بینیوتە شمشاڵ چۆن دەگری
گریان ئاوازی فیراقە

ئاوازی مەرگ

مەرگ لە دۆزەخەوە هاتووە
بۆیە مرۆڤ شێوەن دەکا
ئەو ئاگرەی لە دوای مەرگ دادەگیرسێ
بە فرمێسک وئەشك نەبێ خامۆش نابێ
بۆ تاهەتا دادەییسێ

ئاوازی مەی

ئاوازێ لە مەیدا نۆتەی خۆی دەنووسێ
ئاوازی خودایە
کە مرۆڤ دەباتەوە ئەسڵی خۆی
تەمۆخی ناو رۆح و جەستە رادەماڵێ
چی لاولاوەی ئەشقە لە باڵای دەئاڵێ

ئاوازی ئاشقان

ئاوازێ بە دونیا دەسووڕێ نابیسترێ
داستانی قسەیەکی خۆشە و ناگوترێ
کە کەوتە سەر زمان پەرتی دونیا دەبێ
ئاگرە لە ناو پووشی رۆحا هەڵدەبێ

ئاوازی نەی

غوربەتێك لە ناخی ئینسانە ئەزەلی
برینێکی سەختە
نەژیان ساڕێژی دەکات و نەمردن
نەی دەنگی ئەو برینە سەختەیە

ئاوازی تەمتومان

ئەو رۆژەی کە وون بووم لە باخی تەمتومان
ئاوازێ رێگای بۆ کردمەوە
ئاوازی سەر بەفر باران بوو
منی بردەوە ناو نیشتیمان

ئاوازی درەختان

خەمگینترین ئاوازێ لە زەوی
ئاوازی گەڵایە لە وەرین
بۆیە گشت پایزێ
ئاوازێ ئەم کەونە دادەگرێ
ئاوازێکە دەڵێ رامەکە
هەمووومان رادەبرین

ئاشكرا

تۆگیای دەزانم تۆ گیای
تۆ خەونی دەزانم تۆ خەونی
تۆی گومانی
دەزانم تۆ گومانی
تۆ یە قینی دەزانم تۆ یەقینی
بەلاّم کەبیر دەکەمەوە
تۆ خەونی
گومانی
یەقینی
یاخود گیای
هەرزوو دەزانم
تۆ خودای

تونێل

شەوێکم هەیە درێژ
ئەوە تۆی هەمیشە بۆ خاکم دەبەیتەوە
ڕۆژێکم هەیە کورت
ئەوە تۆی زیندووم دەکەیتەوە

ناسینەوەی زیو
بۆ زانا خەلیل شیعریێ لە قوڕقوشم
ئەو ڕۆژە لە ژێر سێبەرە هەزار ڕەنگەکەی قەلاّ بینیم، گیانی پڕ بوو لە تەمتومان، هەمیشە دەیگوت سەختە لە ناو تاشەیەك بیت لالەکان دایانڕشتبیێ.
تۆ بوێرێکی لە ژن و
ترسێکی لە پیاو

تۆ چەمکێکی لە رووباری ئەنەدوڵ و
دڵۆپەیەکی لە ورمێ
تۆ خەونێکی لە دمدم و
هەویرێکی لە رامبۆ
تۆ شەوێکی لە مۆدێرن و
سەدەیەکی لە فۆلکلۆر
بە تیغی ئەمازۆن ئاودراوی
جۆگەلەیەکی لە فۆلگا بۆشکینی بە زرمەی شمشێر تیا کوژرا
رووبارێکی لەکێلەشین
تۆ پەڕێکی لە هەڵەمووت
لاسکێکی لە یاسەمین
رۆمانێکی تەنهای لە بۆدلێرو
شارێکی بچووکی لە قوستەنتین
تۆ دۆزەخیەکی لە کتێبی دانتی و
بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن
دواجار تۆ قومری سەربالّی یەهودییێکی ئورشەلیمی
بەلاّم منداڵێکی نازیی ئەی نازو تا
ببورە تۆ پۆڕێکی تەریوەی ناو دڵی بازی
ئەو دڵە بپارێزە بڕۆ

ئاوڕلە کەس مەدەوە
کە ئاوڕت دایەوە تەڵەسمی تۆ بە تاڵ دەبێ
لێکدانەوەم سەرچیغ دەڕواو
زمانی مانەوەت لە کتێبی ئەوین لاڵ دەبێ
تۆ هەمیشە رابکە رابکە هەر رابکە
چونکە تۆ بە راکردنەوە جوانی
رابکە هەر رابکە
تکایە ئاوڕ مەدەوە
هەموو ئەوانەی ئاوڕیان دایەوە
بۆ تاوێ گەیشتنە بەهەشت
بەلاّم بۆ ئەبەد هاودەمی ئاگر بوون
هەموو ئەوانەش کە بێ پەروا ئاوڕیان نەدایەوە
بۆ ئەبەد گەیشتنە دۆزەخ
بەلاّم بۆ ئەبەد هاودەمی خودابوون

سفر

١

هەست بریتیە لە چاو کە کوێرەکا بۆی دەگەڕێن
هەست بریتیە لە گوێ کە کەڕەکان بۆی دەگەڕێن
هەست بریتیە لە زمان کە لاڵەکان بۆی دەگەڕێن

٢

من نەچاوم هەیە دونیای پێ ببینم
نەگوێم هەیە پێی ببیستم
نەزمانم هەیە قسەی پێ بکەم

٣

ئەگەر چاوم هەبێ دونیا ببینم دەبێ تۆی تیا بێت
ئەگەر گوێم هەبێ دەبێ قسەکانی تۆ ببیستم
ئەگەر زمانم هەبێ دەبێ ناوی تۆی پێ بێنم

٤

تۆ نە هەی هەتا بتبینم
نەبانگت هەیە بتبیستم
نە دەبیستی تا بانگت کەم
لە باتی بوون تۆ وەهمی
لە باتی سەدا تۆ سیحری
لە باتی ناو تۆ هەم ئیلهامی هەم شیعری

٥

هەندێ جار تۆ لە مانگ و خۆریش دوورتری
هەندێ جار تۆ لە ناو لەپم نزیکتری
هەندێ جار تۆ وەکو بازنەی
ئەوەندە بەدوات دەسوورێمەوە
دەبم بە تۆپێکی بچووک
هەندێ جاریش وەك چوار گۆشەی
ئەوەندە بۆت دەشکێمەوە
دەبم بە شووشەیێ شکاو

٦

هەندێ جاریش وەك لاکێشەی
هێندە لە ناوتا رادەکەم
دەبم بە دڵۆپێکی چکاو
دەست بە بیابانی من دێنی
دواجار تێدەگەم کە تۆ سیفری
کۆتایی بە رستەی وجودی من دێنی

بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما ٢٠١٠-٢٠١١

ژ	ناوی کتێب	نوسەر یان وەرگێڕ
١	جیهان لەدیدی کۆشنێر	و: شێرزاد هەینی
٢	١٩٠٠ تێپەڕیوە	ئیسماعیل کوردە
٣	کوردو ئەرمەن	و: خالید هەرکی
٤	هەڵچونێك لە ئاوێنەدا	زرار سەرتاش
٥	وێنەکانی لەبەر باران ونکردووە!	ئیسماعیل کوردە
٦	رەخنەی پراکتیکی	د. ئەبوبەکر خۆشناو
٧	گۆڵەستێرەکان کوژانەوە/٣	کەریم کاکە
٨	باهیرە	و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
٩	کوردستان لەسیاسەتی هەرێمایەتیدا	د. کامەران مەنتك
١٠	ژن لەجیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا	هاوژین حەمەرەشید
١١	لەناو گێژاوی سیاسەتدا	ئیسماعیل کوردە
١٢	فەرهەنگی مەلیخا	ئومێد شیرکۆ شاکر مجروم
١٣	ماچی یەکەم	کەریم کاکە
١٤	کوردەکان	و: ئارام ئەمین شوانی
١٥	کوردستانو کوردەکان	و: خالد هەرکی
١٦	بروسکەی شوم	محەمەد کەریم نانەوا
١٧	گۆڕەپانی واشنتۆن	زیڤار ڤاسم
١٨	ڤاچێك بۆ شمشاڵ	ڤاسم شێروانی
١٩	میوانی ئاو	عەبدولموتەڵیب عەبدوللاَ
٢٠	سەمای دۆلفینەکان	د. ئەرسەلان بایز
٢٢	درەختی خامۆشی	کەریم دەشتی
٢٣	درەختی درەوشانەوە	کەریم دەشتی
٢٤	سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە	حەمە عەباس
٢٥	زمانو شێوەزارەکان	سەدیق سەعید رواندزی